سعودیە: سبەی یەکەم ڕۆژی (ذی الحجة)یە و 6ی حوزەیران یەکەمین ڕۆژی جەژنی قوربانە

سعودیە هایگەیاند، ڕۆژی هەینی داهاتو 6ی (حوزەیران/6) یەکەمین ڕۆژی جەژنی قوربانەیە.

سعودیە ئەوارەی ئەمڕۆ بینینی مانگی هیلالی ڕاگەیاند و دەڵێت، ڕۆژی چوارشەممە (28ی 5ی 2025) یەکەم ڕۆژی (ذی الحجة)یە و ڕۆژی هەینی 6ی حوزەیران یەکەمین ڕۆژی جەژنی قوربانە.

بەیانی ئەمڕۆ دادگای باڵای سعودیە لەڕاگەیەندراوێکدا داوایکرد، هاوڵاتییان لە هەر شوێنێکی وڵاتەکەو بن، چاودێری بینینی مانگ بکەن، ئەگەر توانیان ببینن بە زوترینکات پەیوەندی بە نزیکترین دادگای ناوچەکەیانەوە بکەن بە مەبەستی شاهێدیدان بە بینینی مانگ.